کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-5-2007 14:49

## بەدیهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیی خەون و ئومێدی هەموو تاکێکی کوردە ... بەهرەوەر مەرزانی

ئەگەر چاوێك بەمێژووی دوورو درێژوو پڕ سەروەری گەلەکەماندا بگێڕین پڕە لەخەبات و تێکۆشان و قوربانیدان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەماندا، کە بەدرێژایی ئەو مێژووە گەلەکەمان لەبەرخودان نەوەستاوەو بەسەدان و بگرە بەهەزاران لەسەرکردەو رۆڵەکانی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا بەخشیوەو هیچ کاتێك لەپێناو داخوازییە رەواکانیدا سڵی نەکردۆتەوەو سازشی لەسەر نەکردوون.



دوای زیاتر لەدەیەو نیوێك لەرزگاری بەشێکی زۆری خاکی باشووری نیشتمان و دوای لەگۆڕنانی دڕندەترین و سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەمان لەلایەن سوپای هاوپەیمانانەوە پرسە سیاسییەکانی کورد بەرەو ئاقارێکی ترو جیهانێکی فراوانتر هەنگاویان هەڵێناوەو رۆژ لەدوای رۆژیش پرسەکان زەقترو گەورەتر دەبنەوە بەڕووی دونیاداو وڵاتانی دونیاو بەتایبەتیش زلهێزەکان تارادەیەکی باش سۆزیان بەرامبەر ئەو هەموو مەینەتیانەی گەلەکەمان جولاوە کە لەماوەی داگیرکاری کوردستاندا روو بەرووی گەلەکەمان بوونەتەوە.

بەرەنجامی ئەو هەموو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانەی گەلەکەمان ئەمڕۆ لەبەشێکی خاکی نیشتماندا گەلەکەمان خاوەن حکومەت و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوەو نوێنەرایەتی سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکات و هەوڵی جددی دەدات بۆ زیاتر ناساندنی کێشەی رەوای گەلی کورد بەدونیا وەك گەل و نەتەوەیەك بەتایبەتیش کاتێك سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەی وڵاتە گەورەکاندا بەزمانی شیرینی کوردی وتارەکانیان ئاراستەی جەماوەر دەکەن و بەگوێی خەڵکی هەموو دونیادا دەچرپێنن کە ئێمەش خاوەن نیشتمانێکی داگیرو دابەشکراوین و دەبێ رۆژێك دابێ وەکو هەموو ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ ئێمە لەلای ئەوان بەئازادانە دەدوێین خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین.

ئەگەرچی دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان لەهەموو لایەکەوە لەبۆسەدان بۆ تێکدانی باری ئارامی کوردستان و شکست پێهێنان بەو دەسکەوتانەی کە لەئەنجامی قوربانیدان و تێکۆشانی دەیان ساڵەی خەڵکی ئازادیخوازی گەلەکەمان هاتوونەتەدی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ داگیر کەران و دوژمنانی گەلەکەمان و ئازادی و دیموکراتی ئەوە باش بزانن کەورەو هێزی لەبن نەهاتووی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە ئەوان بتوانن بەکارە دوژمنکارەکانیان بیروخێنن. و کردەوە چەپەڵەکانیشیان زیاتر سورمان دەکات لەسەر خەباتمان لەپێناو هێنانەدی تەواوی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمان و گێڕانەی بست بەبستی خاکی داگیرکراوی وڵاتەکەمان بۆسەر نیشتمانی دایك تا بەدیهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیی کەخەون و ئومێدی هەموو تاکێکی کوردە.

Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.